کێ لە پشت دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تارانەوە بوو؟

((بە بۆنەی دووبارە لە چاپدانەوەیەوە))

د. عوسمان دەشتی

دەستپێك

لە ڕۆژنامەی (کُردستان)ی (**مقداد مدحت بدرخان**)ەوە لە ساڵی ١٨٩٨، بۆ (**کوردستانی نوێ**)ی ساڵی ١٩٩٢، نزیك بە سەدەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەگوزەرێ، لەو ماوەیەدا زیاتر لە (١٠) ڕۆژنامە و بەلاڤۆکی جۆراوجۆر، لە هەلومەرجی جیاواز، بە هەمان تایتل و ناونیشانەوە چاپ و بڵاو بوونەتەوە[1]. هەندێك لەمانە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی کوردیدا ڕۆڵی گرینگ و بایەخی تایبەتییان هەبووە.

(**کوردستان**)ی میقداد بەدرخان، لە پاڵ ئەوەی وەکو سەرامەد و دەستپێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە، وەرچەرخانێکیشە لە شێوەکانی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد لە ناوچەکە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەروەها (**کوردستان**)ی ئۆرگانی حکوومەتی میلیی کوردستان و لە پاشان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هات و هەر چوار پێنج دەورەی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی، لەو هەموو کەندو کۆسپ و هەوراز و نشێوییەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، لە بارودۆخی نهێنکاری و بە ئاشکرای چاپ و بڵاوبوونەوەی، لە کات و شوێن و خەباتی سەردەمی سیاسیی جیاواز..... ئەمانە هەموو ، ڕەنگە سەربردەیەکی ناوازە و دەگمەن بێت بۆ ڕۆژنامەیەك، کەوا کەم بڵاوکراوە و ڕۆژنامە هەبێت لە

مێژووی چاپ و بڵاوبوونەوەیدا پێیدا تێپەڕ بووبێت، بۆیە پێویستە لێکدانەوە و شیکردنەوەی تایبەتی بۆ بکرێت [٢].

لە ناو هەموو ئەمانەشدا ڕۆژنامەیەکمان هەیە بەناوی (**کوردستان**)، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٤دا لە (**تاران**)ی پایتەختی دەوڵەتی ئێران چاپ و بڵاو بۆتەوە و (٢٠٩) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەمیشیان چیرۆکێکی درێژ و دانسقەی هەیە.

ئەوەی تاکو ئەمڕۆ زانراوە و لە لای بەشێك لە توێژەران و مێژوونووسانی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە کەوا دەزگای (**ساواك**) لە پشت دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەوە بووە !. ئەمە ڕەنگە تا ئەندازەیەك لە لای خوێندەوارانی کوردەوە مایەی سەرسوڕمان و پرسیار و تێڕامان بێت. ئاخۆ دەزگا و دامەزراوەیەکی ئاسایش و سیخوڕی، لە حکومەتێکی زۆردار و داپڵۆسێنەر، لە وێنەی حکومەتی شاهەنشاهی پەهلەوی، لە دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان، چۆن و بە چ جۆرێك بە خۆی ڕادەپەرموێت، یا ڕێگە بە خۆی دەدات، ڕۆژنامەیەکی کوردی، کە لەنگەری بایەخ پێدانی زمان و ئەدەب و مێژوو و کلتووری کوردەواری بێت، خۆبەخشانە چاپ و بڵاو بکاتەوە؟.

هەلومەرجی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە :

(**ساواك**) وەکو کوردان گۆی دەکەن، یا (**ساڤاك**) وەکو فارسان گۆی دەکەن، کورتکراوەی ناوی دامەزراوەیەکی ئاسایش و سیخوڕی ئێرانی بوو بە ناوی (**سازمان اطلاعات وامنیت کشور**)، لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی بەرامبەر ١٩٥٦ی زایینی بە پێی یاسایەکی تایبەت پێکهاتووە. دیارە ئامانج لە دروستکردن و دامەزراندنی هەر دەزگایەکی ئەمنی و موخابەراتی لە وڵاتان لە سەرەتادا، کە بە گوێرەی برگە و پرنسیپە یاسایی و دەستوورییەکان بەڕێوە دەچێت، ئامانجێکی پاك و ڕەوا و پیرۆزە !. بەڵام کەم وا بووە ئەم دەزگا و دامەزراوە ئەمنی و نهێنییانە، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی لای ئێمەدا، هەر زوو بە زوو لەو پرنسیپ و بنەما یاسایی و مرۆڤایەتییانە هەڵنەگەڕابێتنەوە کە لەسەری دامەزراون ، لە بری پاراستنی ئەمنیەت و ژیان و سەروماڵ و ئاسایشی خەڵکەکەی، نەبووبێتن بە

قامچی و داردەستی دەسەلاّتداران و نەبوویێت بە ئـەژدیها و بەرنەبوویێتـە ویـزەی هاولاّتییان و هاونیشتمانییانی ئەو ولاّتانە؟!. ئەنجا دیارە ساواکیش لـەم یاسـا و ڕێسایە بەدەر نەبووە و نییە.

(ساواك) لـە سـەروبەندی سـەرەتای دامـەزران و پێکهاتنیـدا، کۆمـەڵێك لـق و بەش و بەڕێوەبەرێتی دەکاتەوە، هەندێکیان تایبەت بە چالاّکی دەرەکی و هەندێك تایبەت و تەرخان دەبن بە چالاّکی ناوەخۆیی.

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی دەرەکی تایبەت بـە کاروبـاری ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـت، بەشێك بە ناوی (**بخش کردستان**) دادەمەزرێنیٚ، مەبەستیش لەم ناونیشانە هەموو گەلی کورد و هەموو سەرزەمینی مێژوویی کـوردان لـە عێـراق و سـوریا و تورکیـا و ناوچەکانی سۆڤیەت دەبێت، جگە لە ناوچەکانی کوردستانی ئێـران کـە گرێـدراوی ئیـدارەی کاروبـاری نـاوەخۆ دەبێـت. بەرپرسـیارێتی بەشـەکەش بـە ئەفسـەرێکی زڕەکوردی شاپەرستی ئێرانچی دەسپێردرێت بە ناوی (**عیسا پەژمان**)[٣]. ئامـانجی سەرەکی ئەو بەشە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بووە لەسەر کـوردانی دانیشـتووی ئەو ولاّتانە، هاوکات لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە هەندەران و ئەوروپا، بە مەبەسـتی پەیوەندیگرتن و سـازکردنی دۆسـتایەتی لەگـەڵ کـوردان، تـا ئـەوەی پشـتیوانی و سەرنجی کورد لە هەموو شوێنێك بۆ لای دەوڵـەتی ئێـران و سیاسـەتە تازەکـانی! ڕابکێشـن کـە بریتـی بـووە لـەوەی ڕازییـان بکـەن بـە: (**قبـووڵکردنی ڕەوتـی ئاشـتیخوازانە و گرێدانـەوەی پەیوەنـدی و پەیوەسـتەگی کـورد بـە بیرۆکـەی ناسیونالیزمی ئێرانییەوە**).

دیـارە مەبەسـت لـە (**ناسـیونالیزمی ئێرانـی**) هـەر هـەمان ئـەو سیاسـەت و ئیدیعایەی (**پـان ئێرانیـزم**) بـوو، کـە ڕژێمـی شـای ئێران بـە نـاوی هاوڕەگـەزی و ئارییی نەژادی، بۆ خاپاندن و خۆڵ لە چاوکردن لە ئاست گەلی کـورد، لـە هـەموو ناوچەکانی کوردستان پەیڕەوی لیٚ دەکرد.

دیــارە (**عیســا پــەژمان**) خۆشــی، وەکــو لــەو نووســراو و چــاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییانەدا بە دیار دەکـەوێت کـە لـەم سـاڵانەی دوایـی لـە ئـەوروپا و ئێـران پەیتا پەیتا بلاّودەبنەوە، ئیمان و باوەڕی تەواوی بەم سیاسەت و ڕێبازە هەبووە،

وەکو ئێستا دەیدرکێنێ کە گوایە ئەو لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی هەم خزمەت بە گەلی کورد بکات و هەم بە دەوڵەتی ئێرانیش.

ئەمە یەکێکە لەو پاساوانەی کە پاشتر دەبێتە پاڵنەرێك تاوەکو **(ساواك)** ڕۆژنامەی **(کوردستان)** دەربکات.

کێ لە پشت پێشنیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردییەوە بووە لە ئێران؟

(پەژمان) بە گوێرەی نەخشە و بەرنامەیەکی تایبەت، بە پەنامەکی و خۆ گۆڕین لە ساڵانی ١٩٥٧–١٩٥٨ دەکەوێتە گەشت و گەڕان بە ناوچەکانی کوردستان لە عێراق و سوریا و تورکیا، پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك هۆز و سیاسەتمەدار و کەسە ناودار و ناسراوەکانی کورد دادەمەزرێنێ، تاوەکو سەرنجیان بەلای سیاسەتە بەناو تازەکانی ئێران ڕابکێشێت لەو ڕێگایەوە پێگەیەك بۆ ڕژێمی پاشایەتی سەرلەنوێ دروست بکاتەوە، دوابەدوای ئەو هەموو زۆرداریيەی دەرهەق بە کوردانی ڕۆژهەلأت نواندی، چ لە دوای هەرەسهێنانی حکوومەتی میلیی کوردستان و چ لە دوای شکستهێنانی بزووتنەوەی دیموکراتیی **(موسەددەق)** لە ساڵی ١٩٥٣ بە دواوە.

هەر لە درێژەی بانگەشەکان بۆ سیاسەتی تازەی دەوڵەتی ئێرانی، دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئێران هەڵمەتێکی فراوانیان بەرپا کردبوو سەبارەت بە **(قانونی اصلاحات ارضی)** و بە **(شۆڕشی سپی)** ناویان دەبرد، کەوا **(شاه و ملت)** لە بەرامبەر سیستەمی **(أرباب – رعيت)**ی ئێران هێنایانەتە ئاراوە. لەم چوارچێوەیەدا **(پەژمان)** چالاکییەکانی فراوانتر دەکات و لە هەوڵی پەیوەندیکردن بە هەندێ کەسایەتی ناسراوی کورد و هەندێ سیمبولی نیشتمانی و ئەندامانی بنەماڵە دیارەکانی کوردەوە دەبێت، کەوا پەرتەوازەی دەرەوەی کوردستان بوون و نیشتەجێی ولأتانی ئەوروپان. یەکێك لەمانە **(میر کامەران بەدرخان ١٨٩٥–١٩٨٧)** دەبێت لە فەرەنسا.

شۆڕشی ١٤ی تەمووز و گۆڕانکاری لە عێراق:

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنا و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە باری سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری لەگەڵ خۆیدا هێنا. دانیشتووانی عێراق، لەوانەش گەلی کورد لە دوای دەیان ساڵ لە خەبات و قوربانیدان ژیانی ئازادییان بۆ دەستەبەر بوو، مافی سیاسی و نەتەوەیی و دیموکراتییان لە دەستووری نوێی عێراق جێگیر کرا. ئەم دەسکەوتانە گیانی کوردایەتییان لای ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان زیندوو کردەوە. لەو لاشەوە ڕژێمی تازە، (**عێراق**)ی لە کۆت و بەندی پەیمانی بەغدا و کۆمپانیاکانی نەوت و بەرەی سەر بە ئیمپریالیزم دابڕی، بەمەش (**عێراق**) بوو بە یەکێك لە ولاتانی ئازادیخواز تا ئەوەی لە سەرەتاوە وا پێشبینی دەکرا کە بەتەواوی بچێتە ڕیزی ولاتانی سەر بە سۆڤیەت و بەرەی سۆشیالیزمی جیهانییەوە. لەو لاشەوە ئیدیعاکانی گێڕانەوەی (**کوێت**) و بانگەوازەکانی عرووبە لە ئاست ناوچەکانی (**ئەهواز و خووزستان**) لە پاڵ بانگەوازەکانی یەکێتی نەتەوەیی عەرەب کەوا عەبدولناسر ڕێبەرایەتی دەکرد.... ئەمانە هەموو وێکڕا بوون بە مۆتەکە و خەو و خۆراکیان لە ڕژێمی سەڵتەنەتی شاهەنشاهی لە ئێران حەرام کردبوو. بۆیە پیلانەکانیان چڕتر کردەوە بۆ پەکخستنی ڕژێمی قاسم لە عێراق، تا ئەوەی هەر هیچ نەبێت ڕێگە لە بلاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئەو ئاگرە بگرن و نەهێڵن بپەڕێتەوە بۆ ئەودیوی سنوور!. هەوڵەکانی (**ساواك**) گەرم و گوڕتر بوو بۆ ئەوەی جڵەوی دەستپێشخەری و لەوانەش (**کارتی کوردی!**) لە چنگی خۆیاندا بێت و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بۆ بەگەڕخستنی پیلانەکانیان لە عێراق بە کاری بهێنن!.

بۆیە سەرانی (**ساواك**) بە گەرمی کەوتنە جرت و فرت و پەیوەندیگرتن لەگەڵ سەرانی کورد چ لە ناوچەکە و چ لە دەرەوەدا، ئامادەیی ئەوەشیان نیشان دا وەکو نیازپاکی! هەندێ شت لە ئێراندا بۆ کورد بکەن.

سەفەری پەژمان بۆ فرەنسا و داخوازییەکانی میر کامەران:

د. کامەران بەدرخان لە ساڵانی دوایی لە فرەنسا دەژیا و مامۆستای تەرخانی کۆرسی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بوو لە زانکۆی (**سۆربۆن**) لە پاریس. بەدرخان سەرکردەیەکی کوردی ناسراو بوو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، پەیوەندی و ئاشنایەتییەکی فراوان و بەربڵاوی هەبوو لەگەڵ سیاسەتمەداران و سەرکردەکان و حیزب و حکوومەت و دەوڵەتانی دنیا، ئاژانسەکانی دەنگوباس و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی وەکو (**CIA، مۆساد، ساواک،....**) و هی تر. جگە لە ئاشنایەتی لەگەڵ گەلێك باڵیۆز و کونسڵ و بەرپرسە گەورەکانی (**ساواک**)، دۆستایەتییەکی کۆنیشی لەگەڵ شادا هەبووە، تەنانەت شای ئێران لە سەردانەکانیدا بۆ وڵاتانی ئەورووپا لەو ساڵانەدا زیاتر لە جارێك چاوی بە د. بەدرخان کەوتبوو، هەر وەکو چۆن د. کامەران پێش تەمووزی ١٩٥٨ سێ جار سەردانی ئێرانی کردبوو. ئەنجا لەم نێوانەدا و پەیوەست بە بەستێنی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی لە ناوەخۆی ئێران و لە ناوچەکەدا دەگوزەرا، (**ساواك**) لە کۆتایی پەنجاکاندا پەیوەندی بە میر کامەرانەوە دەکەن و تەنانەت عیسا پەژمان خۆی بۆ دیدەنی دەچێتە پاریس. لەو دیدارەدا پەژمان داوای هاوکاری و پشتیوانی لێ دەکات بۆ سیاسەتە تازەکانی شا تایبەت بە مەسەلەکانی کورد و کوردستان لە ناوچەکەدا، تەنانەت ئارەزووی ئالا حەزرەت شای ئێرانیشی پێ ڕادەگەیەنێت، کەوا بانگێشتنی دەکەن تاوەکو بچێت لە تاران بژی!. میر کامەران بەدرخان دیارە وەکو یەکێك لە سەرکردە بە ئەزموون و ناودارە کلاسیکییەکانی کورد ناشێ وا بە سووك و سانایی خۆی بخاتە داوی ڕژێمێکی زۆرداری وەکو ڕژێمی شا، کە هەتا دوێنێ خەنەبەندانی بە خوێنی شەهیدانی سەرکردەی وەکو پێشەواوە دەکرد، لە ئێستاشدا بە دەیان ئازادیخوازی کوردی لە کونجی زیندانەکانی (**ساواك**)دا قایم کردبوو، تەنانەت حوکمی ئیعدام و لە سێدارەدانی بەسەر چەند تێکۆشەرێکی وەکو (**غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی و میرزا ڕەحمەتی شەریعەتی و....**) دا سەپاندبوو. بەڵام دیارە وەڵامی ڕاستەوخۆشی بە نەرێ لە ئاست داخوازییەکانی (**ساواك**) و ڕژێمی شادا

نەداوەتەوە، بەڵکو بۆ ئەزموونکردنی نیازپاکی سیاسەتە تازەکانی ئێران چەند داخوازییەك دەخاتە بەردەمی پەژمان و ڕژێمی شا لە وێنەی:

١. ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی و لەوانە ڕێگا خۆشکردن بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی کوردی.

٢. کردنەوەی بەشی کوردی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانی.

٣. کردنەوەی بەشی خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانستگای تاران.

٤. ئەنجا لە پاڵ ئەمانەشدا میر کامەران داوای لابردنی حوکمی ئیعدام لە سەر ئەو کوردە ئازادیخوازانە دەکات کە لە ئەنجامی چالاکیی سیاسی و دیموکراتیخوازانەوە لە گرتووخانەکانی ساواکدا ئاخێندراون.

دیارە (**بەدرخان**) لە دەروازەی مافە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکانەوە بۆ مەسەلەکان چووە، وەکو هەنگاوی یەکەم و سەرەتایی بۆ ئەزموونکردنی سیاسەتەکانی ڕژێمی شا. ئەو باوەڕی وا بووە ئەگەر هات و لە سەرەتادا زمان و ئەدەبیات و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی کوردی بە ڕەسمییەت ناسێندرا، ئەوە نیشانەی داننان و بەڕەسمی ناساندنی گەلی کوردە لە بەشێکی ئەو وڵاتەدا کە دەکرێ لە دواتردا قسە لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیشی بکرێت.

(ساواك) داخوازییەکانی میر بەدرخان بە هەند وەردەگرێت:

بەرپرسانی (**ساواك**) داواکارییەکانی میر بەدرخان تاوتوێ دەکەن، تا ئەوەی بە بەرژەوەندی خۆیانی دەزانن لەم ڕێگەیەوە هەنگاو هەڵێنن.

مەسەلەکان لە شێوەی پڕۆژەیەك فۆرمۆلە دەکەن و دەیخەنە بەردەمی شا:

١. (**ساواك**) ڕۆژنامەیەك لە تاران دەربکات و بە هەموو بەشەکانی کوردستان و کوردانی هەندەراندا بڵاوی بکاتەوە.

٢. لە ئێستگەی ڕادیۆی تاران بەشێکی پەخشی کوردی بەڕێوەبچێت و ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەرنامەکان بە زمانی کوردی بڵاو بکاتەوە.

٣. لەو ئوستانانەی ئێران کەوا کوردنشینن، لە وێنەی: سنە، ورمێ، کرماشان، یا بەشێك لە دانیشتووانی کوردن لە نموونەی: تەورێز و مەشهەد...

ڕێگە بدرێت ڕادیۆ لۆکاڵییە ناوچەییەکانیان بەشێك لە بەرنامەکانیان بە زمانی کوردی بڵاوبکەنەوە.

٤. پەخشی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی لە تاران و ئوستانە کوردییەکان لە ئێران کەم تا کورتێك ڕێگەی پێ بدرێت.

٥. لە زانستگای تاران کورسییەك بۆ دیراساتی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد (کوردۆلۆجی) دابمەزرێت.

٦. فەرمانێکی شاهانە بە لابردنی حوکمی لە سێدارەدان لەسەر ئەو چەند کوردە دەربچێت کە بەدرخان داوای کردبوو.

شا ڕاستەوخۆ ڕەزامەندی لەسەر پرۆژە پێشنیازەکانی (**ساواك**) دەردەبڕێت، چۆنیەتی پیادە و جێبەجێکردنیشی هەر بە خودی ساواك دەسپێرێت.

هەڵبژاردنی ناو، خاوەنی ئیمتیاز، دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە:

تا ئێستا دیار نییە کێ پێشنیازی ناوی (**کوردستان**)ی بۆ ڕۆژنامەکە کردبێت، دوور نییە هەر پەژمان خۆی بووبێت، بەڵام بە ڕاشکاوی نەی گوتووە.

(**ساواك**) هەر زوو بە زوو دەکەوێتە خۆی تا لەسەر بودجە و بە پشتیوانی خۆی ڕۆژنامەکە لە تاران چاپ و بڵاو بکاتەوە. دەکەونە سۆراغ و دۆزینەوەی کەسێك تا وەکو (**خاوەن ئیمتیان**)ی ڕۆژنامەکە بیناسێنن، ئەنجا کەسانێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و شایستەش وەکو دەستەی نووسین ڕۆژنامەکە بەڕێوەبەرن. لەو بارەیەوە با گوێ لە پەژمان بگرین کە دەڵێ:

بۆ مەسەلەی دەستنیشانکردنی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە چووم پرس و ڕاوێژ لەگەڵ (**مەلا سیدیقی موجتەهیدی**) بکەم، کە پێشتر زۆرم هاوکاری کردبوو و تا دەرگای ماڵی شام بردبوو. ئەویش پێشنیازی خوالێخۆشبوو عەبدولحەمید بەدیعوززەمانی کوردستانی بۆ کردم. کە ناوبراو هەم کەسایەتی و زانایەکی ناوداری کورد و هەم مامۆستای زانستگای تارانیش بوو لە گەڕەکی (**تەهران پارس**) دەژیا لە تاران.

پـەژمان دەڵـێ: خواسـت و پێشـنیازەکەم خسـتە بـەردەمی، بـەڵام ئـەو ڕەتـی کردەوە و قبووڵی نەکرد، گوتی: (**چۆن دەتەوێ لەگەڵ ساواکدا هاوکاری بکەم؟**). منیش گوتم: قوربان ئەو قسانە چییە، واز لەم شـتانە بێنـە ! ، مانگانەیەکیشـت بـۆ دەبڕینەوە، تەنها ناوی تۆ بەسـەر ڕۆژنامەکـەوە دەبێـت و لـەوە بـەو لاوە دڵنیـات دەکەم شتێك پەیوەندی بە تۆوە نابێت. دەڵێ دیسان قبووڵی نەکرد. ئەوسـا بـیرم کەوتەوە کە ئەو لە پەیڕەوانی شێخ عوسمـانی نەقشـبەندییە و حەتمـەن گـوێ لـە قسەی ئەو دەگرێـت، ئـەنجا هـەر منـیش بوومـە باعسـی ئـەوەی کـەوا هـەم شـێخ عوسمان و هەم داود بەگی جاف بهێنمەوە بۆ ئێران و ئەوان بـاوەڕی تـەواویان بـە کارەکـانی مـن هـەبوو. چـوومە لای شـێخ عوسمـان و تکـام لێ کـرد، سـەرەنجام بەدیعوززەمانی لەسەر ڕاسپاردەی شێخ هاتە ژێر باری ئەوەی کەوا مـل بـۆ نیـاز و خواستەکانی من بدات، ئەوجار گوتی: باشە ئەمن چی بکەم؟ لە وەڵامدا پێم گوت: ئەمە شتێکە لە پێناوی مەملەکەتی ئێمەدایە، ئەگەر باوەڕ بە من دەکـەی قبـووڵی بکە، تا سەرەنجام ڕازی بوو.

(**ئەحمەدی موفتی زادە**) بەبێ هیچ پرسیار و جوابێك ڕازی بوو لە ڕۆژنامەکـەدا کار بکات، هەر ئەویش (**ئەدەب**)ی باوکی شادڕەوان (**موهەندیس ئەدەب**)ی بە مـن ناسـاند، ئەوسـا هـەردوو برایـانی مـوفتی زادە و شـوکورولڵای بابـانم کـۆکردەوە و بەدیعوززەمانم وەکو خاوەنی ئیمتیـاز پێیـان ناسـاند. دواتـر لـە شـەقامی (**سـەفی عەلی شا**) بارەگایەکم بۆیان بەکرێ گرت و هەرسێ برایانی مـوفتی زادە و ئیلخـانی زادە لەوێ کاریان دەکرد.(٤)

ئینجا پێیانم گوت: لە ڕێگای خودا نەکەن بـێ پاسـاو و لـە خۆتانـەوە مـۆرکی سیاسی بە ڕۆژنامەکـەوە بـدەن، لـەبارەی شـیعر و شـاعیران و مێـژوو و جوگرافیـا و..... ئەو شـتانەوە بنووسـن، دەردی سـەری هـەم بـۆ خۆتـان و هـەم بـۆ منـیش دروست مەکەن ! ، ئەگەرنا ڕۆژنامەکە ڕادەگیرێت. ئەوان بەو شێوەیە کاریـان کـرد، کاتێکیش ڕۆژنامەکە چاپ و بڵاوکرایەوە بۆ کامەران بەدرخانم ڕەوانە کرد، ئـەویش کە چاوی پێ کەوتبوو پەسندی کردبوو.

(کوردستان) لە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و عیراق و تورکیا و سوریادا بڵاودەکرایەوە، هەروەها بۆ وڵاتانی ئەوروپاش دەچوو و لە نێو خوێندەوارانی کورددا دەستاودەستی دەکرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواست و داخوازی لەسەر زۆر دەبوو و زیاتر ڕەواجی پەیدا دەکرد، تەنانەت نرخی دانەیەکی لە عیراق گەیشتۆتە (١) دینار، کە ئەمە بۆ ئەو ڕۆژگارە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بووە. بەڵام وەنەبێ کارەکە هەر بەو شێوە دڵخواز و ئاساییە بەڕێوە چووبێت، بەڵکو ڕووبەڕووی کەندو کۆسپ و ڕەخنە و بەرهەڵستکاری بۆتەوە، لەلایێکەوە دەوڵەتی تورك لە ڕێگەی باڵیۆزەکەیانەوە لە تاران گلەیی و گازاندەی خۆیان گەیاندبووە دەرباری شای ئێران. لە لایێکی دیکەش بەشێك لە سەرانی **(ساواك)** لە ناوەخۆی ئێران بێدەنگ نابن و بەدگۆیی لە بارەی ڕۆژنامەکەوە دەکەن، چەند دانە ئەفسەر و پلەداری گەورەی ساواك دەچنە لای شا و پێی دەڵێن: ئەم ڕۆژنامەیە ئەمڕۆ بێت یا سبەینێ دەبێتە نموونەیەکی خراپ و خەڵکانی سیستان و بلووجستان و ئازەربایجانمان لێ دەورووژێنێت، ئەوانیش داوا دەکەن و .....سەرەنجام بە زیانی یەکێتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ئێران دەشکێتەوە و وڵات بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات....، تا ئەوەی شا هەترەشی دەچێ و ڕاستەوخۆ فەرمان دەدات: **(لە بەیانییەوە نابێت بڵاوبێتەوە !)**.

(عیسا پەژمان) حیکایەتەکەمان بەم جۆرە بۆ باس دەکات: ئەو وەختەی من لە باڵوێزخانەی ئێران لە بەغدا کارم دەکرد، سەروەختانەك دەبینم ڕۆژنامەکە نایەت، لە ڕێگەی **(بێ تەل)**ەوە ویستم لە مەسەلەکە بگەم، بەهۆی تەلەگرافێکەوە وەڵامیان دامەوە: **(ئالا حەزرەت دەستووری داوە کەوا ڕابگیرێت)**، داواشیان لێ کردم بەپەلە بگەڕێمەوە بۆ تاران! . کە گەڕامەوە پێیان ڕاگەیاندم، کە شا دەستووری داوە نابێت لەمەودوا ڕۆژنامەکە دەربچێت. بەرپرسی ئەوکاتەی ساواك **(سەرهەنگ پاکرەوان)** بوو، ناڕەزاییم دەربڕی، گوتیان: دیفاعنامەت چییە بینووسە!. نووسیم: ڕۆژنامەکە جێگای خۆی کردۆتەوە و ڕۆڵی خۆی بینیوە، تەنانەت لە عێراق نرخی یەك نوسخەی گەیشتۆتە (١) دینار، کە دەکاتە ٢٢ تومەنی ئێرانی، کوردان بە گیان و بە دڵ شەیدای بوون، ئێمە پێشتر لەسەر قەول

و قەرارێك ڕێككەوتبووین، ئەم وەستانە لە ناكاوەی ڕۆژنامەكە هەموو ڕیس و گوریسەكانمان لێ دەكاتەوە بە خوری.... ئەمە كارێكی دروست نییە،... دواتریش خۆ ئێمە لەبەر خاتری چاوی كاڵی كوردەكان دەستمان نەداوەتە ئەم كارە !.....تاد. شا لە وەڵامدا گوتبووی: (**دووبارە دەست بە چاپ و بڵاوكردنەوەی بكەنەوە، بەڵام لە ناوەخۆی ئێران نا، تەنها بۆ كەسانێكی تایبەت و سەرشناس و جێگا متمانەو بڕوا و بۆ خەڵكانی دەرەوەی ڕەوانە بكەن....**).

كوردستان دیسان دەردەچێتەوە، (**ساواك**) هەوڵ دەدات بە گوێرەی ڕێنمایی شا، ڕێ لە بڵاوبوونەوەی لە ناوەخۆی ئێراندا بگرێت، بەڵام كورد واتەنی ڕێگا لە دز ناگیرێت، بەشێكی بەنهێنی و پەنامەكی و هەندێكیشی لە عێراقەوە دزە دەكاتەوە بۆ ناو ئێران و دەگاتە دەستی خوێندەوارانی كوردی ئێرانی.

پەژمان لێرەدا دەكەوێتە پەسنی هەوڵ و كۆششەكانی: بە هەوڵ و كۆششێكی ماندوونەناسانە پڕۆژەی چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامەكەمان بەڕێ خست و خاوەنی ئیمتیازیشمان بە یەكێك لە مامۆستا ناودارەكانی زانستگای تاران سپارد، كەوا زانایەكی مەزن و ناوبەدەری كورد بوو، لە پاڵ ئەوەشدا دەستەیەك لە ڕۆڵەكانی كوردی زانا و ئەدیب و خوێندەوار و نووسەر، بە عشق و عەلاقەیەكی زۆرەوە هاریكاری مامۆستا بوون، تا ئەوەی ڕۆژنامەكە بوو بە یەكێك لە باشترین بڵاوكراوەكان بە زمانی كوردی، كە بابەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەدەبی بڵاو دەكردەوە.

ئەو نرخاندنەی (**پەژمان**) بۆ ڕۆژنامەكە لە جێگای خۆیدایە، بەڵكو بۆ لایەنی ژیانی ڕووناكبیری و كلتووریی كورد، بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسی كوردی لە ڕابردوو و لە ئێستادا گرینگی و بایەخی ڕۆژنامەكە چەند قات لەوە زیاترە كە پەژمان بۆی چووە. تەنانەت لە بوارەكانی زمان و زاراوە، فەرهەنگ نووسی، شیعر و ئەدەبیات و مێژووی ئەدەبی، مێژوو، وەرگێڕان، جوگرافیای كوردستان و كۆمەڵناسیی كورد و لایەنەكانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری شایستەی ئەوەیە، لە ڕوانگەی جیاجیاوە دەیان توێژینەوەی لە بارەوە بكرێت، چەندین تێز و نامەی ئەكادیمی و زانكۆیی لەسەر ئامادە بكرێت.

لە کۆتاییدا (**عیسا پەژمان**) قسەکانی لە بارەی ڕۆژنامەی (**کوردستان**) بەوە دوایی پێ دەهێنێت کە دەڵێ: کاتێك (**سەرهەنگ پاشایی– کە یەکێك لە ئەفسەرە گەورەکانی ساواك و باڵیۆزی سەروەختی ئێران بووە لە فرەنسا**)، دەچێتە پاریس و چاوی بە د. کامەران بەدرخان دەکەوێت و لە مەسەلەی جێبەجێکردنی هەموو داواکاری و خواستەکانی ئاگاداری دەکاتەوە، لەوانەش دوا ژمارەی (**کوردستان**)ی بۆ دەبات کە هەواڵی لێبووردنی ئەو ئازادیخوازانەی تێدا بووە کە ئەو داوای کردبوو بەربدرێن، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی هەواڵەکە لە ئاژانسەکانی ناوەخۆیی و دەرەوەدا. کە د. کامەران لەو شتانە ئاگادار دەبێتەوە کە ئەنجام دراون، زۆر خۆشحاڵ دەبێت و ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ شای ئێران و هەموو ئەو کەس و بەرپرسانەی کە دەستیان لەم کارانەدا هەبووە نیشان دەدات. هەروەها د. پاشایی ڕادەسپێرێت کە سوپاس و پێزانینی خۆی و هەموو کوردان بە شای ئێران ڕابگەیەنێت، دیارە د. پاشایی ڕاسپاردەکەی د. کامەران بەدرخان بەجێ دەگەیێنێ.

دواتر پەژمان لە دوا قسەدا دەڵێ: لە ڕاستیدا ئەم کارە زۆر دەرگای داخراوی بە ڕووماندا کردەوە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە توانیمان زۆر کاری مەزن و بەسوود بۆ کورد و کوردستان ئەنجام بدەین!.

عەرەب دەڵێ: (**ربَ رمية من غير رام**)، ئەوان ئەو تیرەیان بۆ مەبەستێکی ناڕەوا خستبووە ناو ماڵی کەوان، کەچی ئامانجێکی تری پێکا، ئەمڕۆ هەر (٢٠٩) ژمارەکەی ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ی تاران، بە درێژایی چوار ساڵی تەمەنی لە نێوان ١٩٥٩/٥/٦ وە بۆ ١٩٦٣/٥/٢٥ کە هەفتانە بڵاوبۆتەوە. لە چوار بەرگی قەشەنگ و ڕازاوەدا لە وێنەی پرۆژەیەکی هاوبەش، لە ئامادەکردنی (**بنکەی ژین**) و (**ئەکادیمیای کوردی**) سەرلەنوێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ئەم کارە هەم کتێبخانەی کوردی پێ ئاوەدان و هەم چاوی خوێندەوارانی کوردی پێ ڕووناك دەبێتەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. بە گوێرەی کتێبی (**تێگەیشتنی ڕاستی**) ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە بەم ناوەوە بڵاوبوونەتەوە بریتین لە

- **ڕۆژنامە:**

١. کوردستان، میقداد مەدحەت بەدرخان، قاهیرە، ١٩٩٨.

٢. کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەهاباد، ١٩٤٦.

٣. کوردستان، عبدالحمید بدیع الزمانی، تاران، ١٩٥٩.

٤. کوردستان، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەغدا، ١٩٦١.

- **گۆڤار:**

١. کوردستان، مسیۆنێرە پرۆتستانتەکان، مەهاباد؟، ورمێ، ١٩١٤(*).

٢. کوردستان،........، حەڵەب، ١٩١٥. (ع. زەنگەنە پێی وایە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەك، لەم ساڵەدا، بەم ناوە و لەم شارە دەرنەچووە)

٣. کوردستان، محەمەد میهری، ئەستەمبۆل، ١٩١٩.

٤. کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەهاباد، ١٩٤٥.

٥. کوردستان (Kurdistan)، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، ئینگلتەرا، ١٩٥٨.

- **چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارێکیش بە ناوی لێکدراوەوە بە هەمان ناوونیشان چاپ و بڵاو بوونەتەوە:**

٦. بانگی کوردستان (**ڕۆژنامە**)، مستەفا پاشای یامولکی، سلێمانی، ١٩٢٢.

٧. ڕۆژی کوردستان (**ڕۆژنامە**)، م. نووری، سلێمانی، ١٩٢٢.

٨. کوردستانی نوێ (**ڕۆژنامە**)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەولێر، ١٩٩٢.

٩. دیاری کوردستان (**گۆڤار**)، ساڵح زەکی ساحێبقڕان، بەغدا، ١٩٢٥.

١٠. هیوای کوردستان (**گۆڤار**)، یەکێتی قوتابیان/ لقی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٥٩.

١١. ڕۆژی کوردستان (**گۆڤار**)، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، بەغدا، ١٩٧١.

(*) ئەوە هەمان گۆڤاری (**کوردستان میشینەری**)یە کەوا مسیۆنێرە پرۆتستانتەکان لە (**شیکاغۆ**) چاپیان دەکرد و لە ناوچەکانی کوردەواریی سابلاغ و ورمێ بڵاویان کردۆتەوە. کاك حەسەنی قازی بە دوور و درێژی مەسەلەکانی پەیوەست بەم بڵاوکراوەیەی لە ژمارەکانی (**گۆڤاری مەهاباد**) و هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن خستۆتە ڕوو. (بنۆڕە: ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار) ژمارە(١١–١٢).

- **بڕوانە: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغدا، ١٩٧٨.**

٢. ڕۆژنامەی **(کوردستان– بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان)**، لە دەورەی یەکەم و دەستپێکیدا نزیکەی (١١٣) ژمارەی لە سەردەمی حکوومەتی میللی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٤٦ لێ دەرچووە. لە خولی دووەمی لە **(باکۆ)** لە ساڵی ١٩٤٧وە دەست بە دەرچوون دەکاتەوە و نزیك بە ١٢–١٣ ساڵ بەردەوام دەبێت، عەلی گەلاوێژ و ڕەحیمی قازی لە نووسەرە دیارەکانی ئەو دەورەیەن، لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بە هەوڵی عەبدوڕەحمانی قاسملو چەند ژمارەیەکی لە تەوریز لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. دوای ئەوە هەواری دەگوێزێتەوە بۆ **(براغ)** و لەوێش **(لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە)** خولێکی دیکەی تەمەنی بەڕێ دەکات، لە نووسەرە ناودارەکانی ئەو دەورەیە، هەریەك لە د. قاسملو، حەسەنی قزڵجی، کەریمی حیسامی، د. عەلی گەولاێژ و د. ڕەحیمی قازی دەبن.

لە ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا خولێکی تازە لە تەمەنی دەست پێدەکات تا ساڵی ١٩٧٩ دوا بە دوای شۆڕشی ئازادی گەلانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ زێدی جاران و دەورەیەکی ئازادی کورتخایەن دەگوزەرێنێ و لە ساڵی ١٩٨٠ بە دواوە و دووبارە لە ئاوارەیی تاوەکو بە ئەمڕۆ دەگات درێژە بە دەرچوون و بڵاوبوونەوە دەدات.

دیارە ژمارە و زنجیرەی دەرچوون و خول و دەورە جیاوازەکانی پێویستی بە ساغکردنەوە و بە دواداچوون هەیە، چونکی لەو هەموو گۆزەگۆز و هەلومەرجی نالەبار و بێنەو بەرەیەدا زۆر جاران دەستەی نووسەران و شوێنی چاپ و بڵاوبوونەوە و شێوە و قەبارەی ڕۆژنامەکە و ژمارەی لاپەڕەکان و خول و زنجیرەی ژمارەکانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. تەنانەت وەکو نیشان بۆ ژیان و بارودۆخی پڕ لە پێچ و دەوری ڕۆژنامەکە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەفەرموێت: جارێکیان تاقە ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە چوار پایتەختی دنیا دەکات. تاوەکو ڕووناکی چاپ و بڵاوبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

(ئەو ـ کوردستان ـ ەی ـ باکۆ- خولی دووەم نەبووە، بەڵکو ئەمە ڕۆژنامەیەك بووە بە ناوی ـ ئازەربایجان ـ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەم شارەدا دەریان کردووە و دوا لاپەڕەی بە ناوی ـ کوردستان ـ وەکو ـ ماوەی ڕۆژنامەی کوردستان ـ لە لایەن ئەو دوو زاتەی سەرەوە سەرپەرشتی کراوە. هەرچی ئەو ـ کوردستان ـ ەیە کە لەپەنجاکاندا دەرچووە ئەوە خولی دووەمە، ئەوەی ساڵی ١٩٦١ ئەوە خولی سێیەمە. هەرچی خولەکەی ـ براغ ـ ە ئەوە چوارەمیانە و ئەو دوو زاتەی دوایی ڕۆڵێکی ئەوتۆیان تێدا

نەبووە - ئۆریژناڵەکانی ئەم ڕۆژنامەیە تەنیا لە کتێبخانەکەی د. مارف خەزنەدار هەڵگیراوە و کاتی خۆی لێیم وەرگرت و لە - بنکەی ژین - فۆتۆیەکمان لەبەر گرتۆتەوە - بەڕێوەبەری نووسین)

٣. عیسا عەبدوڵلا پەژمان، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٤/١٣٠٣ ی شاری سنەی ڕۆژهەلاتی کوردستانە. لە دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن دەچێتە کۆلیجی سەربازی و دەبێت بە ئەفسەر، لە سوپای ئێران گەلێك شوێن و ناوچە دەبینێت و پلەوپایەی سەربازی دەبڕێت، لە سەرەتادا گۆیا مەیلی کۆمۆنیستی هەبووە، دواتر بە دیار دەکەوێت کە ئەو کەسێکی چێندراو بووە لە ناو ڕیزەکانی حیزبی توودە. لە دوای پێکهێنانی دامەزراوەی ساواك، یەکێك لە ئەفسەرە بەراییەکان دەبێت کە دەخرێتە ڕیزەکانی ئەو دەزگایە. لە بەشی خزمەتگوزاری ئیدارەی کاروباری دەرەوە دەستبەکار دەبێت و لە بەشی کوردستان کار دەکات و دواتر دەبێت بە بەرپرسی ئەو بەشە. چەند جار سەفەری ناوچەکانی کوردستان و عێراق دەکات و لەگەڵ چالاکوانانی سیاسیی کورد لە عێراق و سوریا و تورکیا دیدار و پەیوەندی دەبێت، بناغە داڕێژەری ئەو سیاسەتە بووە کە دەوڵەتی ئێران وەکو مانۆڕێك لە ئاست مەسەلەکانی کورد و کوردستان، سوود لە **(کارتی کوردی)** وەربگرێت و لە دژی ڕژێمی قاسم لە عێراق بەکار بهێندرێت. لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ جێگری وابەستەی سەربازی سەفارەتخانەی ئێران بووە لە بەغدا.

لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥ نوێنەری ساواك بووە بۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و گۆیا کلیلی زۆر لە نهێنییەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراق لە لای ئەوە. لە دوای ساڵی ١٩٧٢ لە ساواك دوور دەخرێتەوە بە پلەی سەرهەنگی خانەنشین دەکرێت. ئەو جگە لە بڕوانامەی ئەفسەری، لیسانسی لە مێژوو و جوگرافیا و ماف و دادپەروەری هەبووە، لە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خەریکی خوێندنی ماجستێر دەبێت لە زانستی سیاسی و بەلام لە پاشان وازی لێ دەهێنێ، لە ئەورووپا گۆشەیەکی تەنهایی بۆ ژیان هەڵدەبژێرێت و ماوەیەکیش **(ئازادە شەفیق)**ی کچی **(ئەشرەف پەهلەوی)** خوشکی شا، خێزانی بووە و دواتر لە یەك جیا بوونەتەوە. لە ئەورووپا چەند ڕۆمان و نۆڤلێتی چاپ و بلاو کردۆتەوە، لە وێنەی: **(کوردی دۆ نەدیو، شاری فریشتەکان، شەهریاری بێ تەخت و تاج)** کە لە ڕۆمانە ناودارەکانی ئەون. لە ئەورووپا مانگنامەیەکی بە ناوی **(نیما)** تا ساڵی ٢٠١١ چاپ و بلاو کردۆتەوە. جگە لەمانە چەند کتێب و نامیلکەی دیکەشی نووسیون لە وێنەی: (شێرەژنێك لە ئێران زەمین، نهێنییەکانی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٥، نهێنییەکانی تیرۆرکردنی تەیموری بەختیار، شوێن پەنجەی ساواك، خزمەت یا خیانەتەکانی

فردۆست، کورد و کوردستان......) ئێستا تەمەنی لە سەرووی ٨٥ ساڵەوەیە و لە فەرەنسا ژیان بەسەر دەبات، دوایین ئاواتیشی ئەوەیە لە زێد و نیشیتمانی خۆی، لە شاری سنە، لە دامێنی کێوی ئاویەر بۆ هەتا هەتایی گیانی ئارام بگرێت!.

٤. لە بارەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەوە، لە قسەکانی پەژمان تێکەڵ و پێکەڵی هەیە، ڕاستییەکەی بەو جۆرەیە کەوا لە ژمارەی (١١)ی ڕۆژنامەکە، ڕێکەوتی ١٥ی تەمووزی ١٩٥٩دا بەم شێوەیە بڵاو کراوەتەوە:

خاوەنی ئیمتیاز و مودیری لێپرساو: عبدالحمید– بدیع الزمانی.

بە چاودێری دەستەی نووسەر:

محەمەد صدیق مفتی زادە– سەرنووسەر

عبدالرحمن و احمد مفتی زادە، عابید سیراج الدینی، شکرالله بابان.

دیارە لە دوایە خەڵکانی دیکەش دەچنە پاڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە لە وێنەی، خوسرەو شێخکانلوی میلانی و سوارەی ئیلخانی زادە.

ئەنجا وەکو کاك سەلاحوددینی موهتەدی لە پێشەکی بەرگی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا دەیگێڕێتەوە، کە بۆ خۆشم لە نزیکەوە لە کاك سەلاحم بیستووە، دەستەی نووسەران کە لە خزمانی موفتی زادە (**دوو برا و برازایەکیان**) پێك هاتبوون، پرس و ڕاوێژیان لەگەڵ بەرەی تێکۆشەرانی ئەو ڕۆژگارەی کورد لە تارانیش کردووە، واتە (**یەکێتی خوێندکاری کورد**)، تا ئەوەی پەسن و ڕەزامەندیی ئەوانیشیان دەستەبەر کردووە.

سەرچاوەکان:

- الموساد في العراق ودول الجوار، شلومو نكديمون، ترجمة: بدر عقيلي، مطبعة دار القدس، بيروت، ١٩٩٨.
- ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرە، جەمال نەبەز، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٩.
- تندباد حوادث (گفت و گو با عیسی پژمان)، عرفان قانعی فرد، نشر علم، تهران، ١٣٩٠.
- ڕۆژنامەڤانی، (گۆڤار)، ژمارە (١١–١٢)، هەولێر، ٢٠٠٣ .

من كان وراء صدور جريدة (كردستان) !
(بمناسبة اعادة طبع الصحيفة)

خلال القرن المنصرم من تاريخ الصحافة الكردية صدرت صحف عديدة وهي تحمل العنوان ذاته (كردستان)، ومن بينها جريدة (كردستان) الطهرانية التي صدرت خلال الفترة من ١٩٥٩ الى ١٩٦٣.

الامر الشائع والمستغرب في الوقت ذاته هو صدور الجريدة وتوزيعها بدعم وتمويل جهاز الامن الايراني (السافاك) !.

يتقصى البحث عن الظروف والدوافع والملابسات التي رافقت اصدار الجريدة وانتشارها، وعن كيفية وصول المقترح الذي قدمه الى نظام الشاه، الشخصية الكردية القيادية المعروفة والذي كان يعيش في المنفى : الامير كامران بدرخان .

كل ذلك من خلال الحيثيات والمعلومات التي كشف عنها مؤخراً (احد اقطاب ذلك الجهاز آنذاك والذي كان يمسك بالملف الكردي ويحاول جاهدا) تسخيره في خدمة سياسات الحكومة الايرانية الشاهنشاهية .

About reprinting of the newspaper

Who was behind the publication of the newspaper “Kurdistan”?

During the past century of the history of Kurdish journalism, a number of newspapers were published. They were holding the same title “Kurdistan”. Among them, the Tehran Kurdistan which was being published between 1959-1963.

In the mean time, the common and strange issue was that the publication and distribution of that newspaper was done through support and funding of the Iranian secret police and intelligence service (Savak).

This study examines the circumstances, motives and concomitants accompanied the newspaper’s publication and dissemination. The study also inquires into how the original proposal submitted by the well-known Kurdish leader who was then living in exile, the prince KameranBadirkhan.

This was through considerations and information which were revealed recently by one of that Savak’s chiefs who was in charge of the Kurdish file and trying laboriously to use all methods to exploit it in serving the Shahdom Iranian government policy.